**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**پشت بە حوکمی بڕگەی(١) لە ماددەی(٥٦)ی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(٣)ی رۆژی ٢٠١١/٩/٢٦ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:**

**یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١١**

**یاسای جێبەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە (14)ی ساڵی ٢٠٠٨لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

**جێبەجی کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨) لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق و کارکردن بە ئەحکامەکانی.**

**ماددەی دووەم:**

**دامەزراو و فەرمانگەکانی هەرێم و خاوەن پلەو پایەکانیان شوێنی دامەزراو و فەرمانگە فیدرالیەکان و خاوەن پلەو پایەکانیان دەگرنەوە لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتبێ.**

**ماددەی سێیەم :**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایەدا جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی چوارەم:**

**کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن.**

**ماددەی پێنجەم:**

**ئەم یاسایە دوای تێپەڕبوونی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.**

**د. ئەرسلان بایز اسماعیل**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

---

**تێبینی/ یاساکە بە دەرچوو دەژمێردرێ بە تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی دەرچوواندنی، بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەم/٢ لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو**